سلێمانی.. داخستنی هەردوو رێگای ئەزمەڕ و گۆیژە

ئەمڕۆ شەممە،هاتوچۆی سلێمانی رایگەیاند، هەردوو رێگای ئەزمەڕ و گۆیژە بەهۆی بەفرەوە داخراوە و داواکارین شۆفێران بەکارینەهێنن.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، ئاگاداری سەرجەم شۆفێران دەکەن بەهۆی بارینی بەفر و بوونی بایەکی بەهێز رێگاکانی چوونەسەر هەردوو چیای گۆیژە و ئەزمەڕ بەستویەتی و شەختە درووست بووە، بۆیە هەموو رێگاکانی چوونەسەر چیای گۆیژە و ئەزمەڕ بەربەستکراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "داوا لەشۆفێران دەکەین روو لەوناوچانە نەکەن چونکە رێگە بە هیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێک نادرێت ئەو رێگایانە بەکاربهێنێت".

وتیشی، "داواش لە شۆفێران دەکەین بۆ کاری زۆر پێویست نەبێت رێگاکانی ناوچە شاخاویەکان بەکارنەهێنن چونکە لەزۆربەی ناوچەکان بەفر باریوەو ئاستەنگی هاتوچۆ دروست بووە".